# پەرلەمانتێرانی کوردستان سوێندێکی سەقەت دەخۆن

حەمەسەعید حەسەن

ئەمە دەقی ئەو سوێندەیە، کە پەرلەمانتێرانی باشووری کوردستان دەست لەسەر قورئان، لە ٢٠٠٥/٦/٤دا خواردیان: (بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم.)

هەڵەکانی نێو ئەم سوێندە:

(١) بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، کە (بسم الله الرحمن الرحيم)ە، دوو هەڵەی تێدایە. بە ناوی خوای (بەخشندە) و میهرەبان(ەوە،) ڕاستە.

(٢) دیار نییە، پەلەمانتێر پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی چی دەکات؟ ئایا پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی یەکیەتیی گەل یان لە بەرژەوەندییەکانی خاکی کوردستانی عێراق دەکات؟ پارێزگاریی لە هەر کامیان بکات، هەر بە هەڵەدا چووە، دەبوو پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی گەلانی کوردستان کوردستانی (عێراق) بکات، ئاخر کوردستانی باشوور تەنیا وڵاتی کوردان نییە، نیشتمانی ئەو گەلانەی دیکەشە کە لێی دەژین.

(٣) باشووری کوردستان، هی عێراق نییە، هەر پەرلەمانتێرێک باشووری کوردستانی بە هی عێراق لە قەڵەم دابێت، ئەوە ئەگەر زادەی کاڵفامی نەبێت، هی ئەوەیە بڕوای بە کوردستانێکی ئازاد نییە. شیاوی گوتنە بەشێکی باش لە پەرلەمانتێران (عێراق)ەکەیان نەگوت.

(٤) (بەرژەوەندی)یەکانی هەڵەیەکی باوە، (بەرژەوەند)ەکانی ڕاستە.

(٥) بالاکانی هەڵەیە، بالایەکانی ڕاستە.

(٦) هەندێک لە ژنە پەرلەمانتێرەکان سەر بە لەچک سوێندیان خوارد، کە ئەوە دیاردەیەکی ناشیرین و ناعەلمانی بوو.

(٧) ئەگەر قەرارە کوردستانی داهاتوو، کوردستانێکی عەلمانی بێت، نەدەبوو پەرلەمان بە خوێندنی قورئان بکرێتەوە، نەدەبوو پەرلەمانتێران دەستیان لەسەر قورئان بێت، نەدەبوو سوێند بە یەزدان بخۆن.

(٨) هیچ نەبێت، نوێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستان کە نە بڕوایان بە خوا هەیە، نە بە قورئان، نەدەبوو دەست لەسەر قورئان، سوێند بە یەزدان بخۆن.

(٩) هەندێک لەوانەی سوێندیان خوارد داکۆکی لە کورد و کوردستان بکەن، قەرەفایل و ئەنفالچی بوون.

بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەم سوێندە پێشنیار دەکەم:

(سوێند بێت بە شکۆمەندی و ویژدانی خۆم، پارێزگاریی خاکی کوردستان و بەرژەوەندە بەرزەکانی گەلانی کوردستان بکەم.)

پێویست بە یەکیەتی ریزەکانی گەل ناکات، چونکە:

(١) ئەویش هەر یەکێکە لە بەرژەوەندە بالایەکان.

(٢) ئەو دەربڕینە داگیرکارانی کوردستان، بە مەبەستی ئەوەی کورد بیر لە سەربەخۆییی ولاتەکەی نەکاتەوە، دایانهێناوە.

شیاوی گوتنە دوای رێورەسمی سوێندخواردنەکە، ئەشرەف قازیی نوێنەری یووئێن، کە پاکستانییە سەرەتا بە کوردی، دواتر بە عەرەبی و ئینجا بە ئینگلیزی قسەی کرد، کەچی تاڵەبانی کە کوردە سەرەتا بە عەرەبی، دواتر بە کوردی هاتە گۆ!

2005. 06. 04